سەماحەتی حەکیم داوادەکات پاڵپشتی حکومەتی سوودانی بکرێت

لە دیداری لەگەڵ بەڕێز سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی لە میانەی سەردانەکەی سەماحەتی حەکیم بۆ هەرێمی کردستان لە ڕۆژی 12-5-2023 باسی پێشهات و دۆخی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان کرا.

بەڕێز حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێویستە هەموو توانا بەردەستەکان بخرێتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو هەرێم و یەکبوونی قسەی شەقامی کوردستانی.

هەروەها سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە حکومەتی ناوەندی پشت ئەستوورە بە هاوپیمانێتیەکی حوکمدار کە لە هەموو توێژو پێکهاتەکان پێك هاتوون، ئەوەی بە ئەو حکومەتەش هەژمار دەکرێت ئەو جیدیەتەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەڕاندنەوەی متمانەی هاوڵاتی بە سیستەمی سیاسی، هەروەها ڕوونی کردەوە کە ئەو حکومەتە لە ڕووی میللی و هەرێمی و نێودەوڵەتی قبوول کراوە، داواشی کرد کە پاڵپشتی بکرێت بە ئەوەی حکومەت بتوانێت بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات.